وەزارەتی کشتوکال: تا کۆتایی مانگی داهاتوو نرخی گۆشتی سوور نزم دەبێتەوە

وەزارەتی کشتوکالی عێراق رایگەیاند، پێشبینی دەکرێن تا کۆتایی مانگی داهاتوو نرخی گۆشتی سوور لە بازاڕەکاندا بگەڕێتەوە ئاستی پێشووی. وەزارەتی بازرگانیی عێراقیش دەڵێت، "سزای ئەو کەسانە دەدرێن کە نرخی خۆراک بەرز دەکەنەوە".

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی کشتوکالی عێراق راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، بەرزبوونەوەی نرخی گۆشتی سوور کاتییە و پێشبینی دەکرێن تا کۆتایی مانگی داهاتوو نرخەکەی بگەڕێتەوە ئاستی پێشوو

ئاماژە بۆش کراوە، بەشکی گرانبوونی گۆشتی سوور لە بازاڕەکاندا، هۆکارێکەی بۆ زیادبوونی خواستی ناوخۆ دەگەڕێتەوە و هاوڵاتیان خواستکی زۆریان لەسەر گۆشتی ئاژەڵی خەماڵی هەیە.

ئۆش خراوەتە ڕوو، بۆ مەبەستی دابەزاندنی نرخی گۆشتی سوور لە بازاڕەکاندا، بڕیاریان داوە کە ئاژەڵ لە وڵاتانی دراوسێوە هاوردەی بازاڕەکانی عێراق بکرێن.

باس لەوش کراوە، لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی دابەزاندنی نرخی گۆشتی سووردا، بڕیاردراوە بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە بواری ئاژەڵداری و دابینکردنی پاشتی پێویست و پێدانی قەرز بۆ کەسانێی کە

سەرقاڵی ئاژاوەدارین لە عێراق.